# درۆی سەر کەش

خولیا حوسێن
2005/5/8 کەنەدا



لە وەتەی گوێچکەم پژاوە زۆر جۆر لە درۆم بیستووە , درۆی منداڵان بۆ خۆ دەرباز کردن لە هەڵە ژیکەڵەکانی ڕۆژانەیان تا دڵی دایکیان لێ نەرەنجێ و چاوی سووری گەورەکانیان نەیان تۆقێنێ, درۆ کردنی دڵدارەکان بۆ رازیکردنی دڵبەرەکانیان تا ماچێکی شیرینیان لێیان دەست کەوێت لە ئەلبوومی یادگارەکانی لاوێتیدا بیپارێزن و لە شەوانی تەنیایی و دووری تەزوویکی لەزەتاوییان پێ ببەخشێت,درۆی ئەو ژن و مێردانەی کە عەقدی زەواجێکی ساختە لە ژێر ساپیتەی مالێکی شێداری بێ بۆن و بەرامەی خۆشەویستی کۆیان دەکاتەوە ,درۆی کۆمپانیا بازرگانیەکان بۆ سەرنج راکێشانی کریارەکانی, درۆی هەموو ئەو سیاسەت مەدارانەی لە کاتی هەڵبژاردنە ساختەکان کە زۆر جار خانەی تەک ناوەکانیان لە خەتی سوور و راست و چەپی خەڵک دەپارێزێت, چەندان جۆری درۆی سپی تر کە بیرمە دایکم بۆ باوکمی دەکرد تا وەکوو ئێمە لە هێرشی توورەبوونە بێ شوومارەکانی ئەو بپارێزێت, ئەمانەی سەرەوە هەموو درۆن بەڵام زۆربەیان درۆی ئاسایی وهەندێ جاریش دەبنە هۆی دامرکاندنەوەی هەندێک لە رق و توورەیی مرۆڤە سەرسەختەکان و ئاوازێکی جوان بۆ بەردەوامبوونی ژیان دەچرن . ئێمە هەموومان شاخی سەرکەشمان بیستووە و زۆربەی زۆری شاعیرەکانی خۆمان و هەموو ئەو شاعیرانەی سرووشتیان خۆش دەوێت بە سەر جوانی و بەرزی و خۆ راگری شاخە سەر کەشەکانیان دا هەلگوتووە , ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم ئەوەیە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان درۆکانی لە سنووری درۆی شاخدار تێپەریوە و دەبێ لەمەودوا بلێین درۆ سەرکەشەکانی "ینک"سەبارەت بە دیموکراتیە چاو سوور و قامچی بە دەست و هەناسە سوارەکەی کە هەتا دێت نینۆکە درێژ و چڵکناویەکەی زیاتر و زیاتر لە پێستی خەڵکی کوردستان دەباتە خوارەوە ,ینک تا زیاتر بە بەژن و باڵای ئازادی رادەربرین و شارستانیەت و مافە پاریزراوەکانی خەڵکی کوردستاندا هەڵبلێت ئەو کاتە چرنووک لە گەرووی خەڵک دەگرێت و دەمکوتیان دەکات و بەرەو زیندانەکانی سەرکوتی راپێچیان دەکات , ئەو زیندانانەی خاڵی خاڵین لە بکوژانی ژنان و لە هاوکارانی بەعس و لە دز و جەردەکانی ورگی خۆیان بۆ هەڵناگیرێت هێندەی نانی سەر سفرەی منداڵە عەلاگە فرۆشەکان بدزن کەچی پر پرن لە کەسانی رۆشنبیر و نووسەر و رۆژنامە نووس وسەدان ئازادیخوازی وەک رێبوار عارف,ئەو رێبوار عارفەی کە هەتا ئێستا گیان و ژیانی سەدان پەنابەری راکردوو لە دەستی نایەکسانی و سەرکوتیە بەعس ئاساکانی ئێوە رایان کردووە پاراستووە و هێلانەی ئارامی بۆ وە دەست هێناون, ئاخر چۆن ریبوار

**عارف ناخەنە ئەودیو  دیواری زیندانە پیسەکانتان کە قسەکانی ئەو بۆ خویندکاران و پەیرەوی کردن لەو قسانەی ئەو نەک هەر دڵی دوور لە هەستی مرۆڤانەتان دەلەرزێنێت بەڵکوو تەختە لەرزۆکەکەی ژێرپێشتان دەخاتە لەرزە , ئیتر خەڵک چیتر بە درۆیە سەرکەشەکانتان هەڵناپەرێت بەلگەشم رژانە سەر شەقامەکانی خوێندکارانی زانکۆ و مامۆستایان و هەموو ئەو نارەزایەتیانەیە کە لە مەودوا لە هەراسانی زیاترتان بۆ دێنێ .**

**دەبێ رێبوار عارف ئازاد بێت چونکە پەیامی ئازادی پێیە .**